خۆشناو مەریوانی
پاریس، ٢٠١٥

# سەرگوورشتەی Mythologie مار لە نێوان ئاینەکاندا.

**(تەورات، ئنجیل و قورعان، یان پەیمانی پێشوو " l'Ancien Testament " )،**

١- ماری بەهەشت یان سەرگورشتەی " l'Ancien Testament پەیمانی پێشوو، یان نەسیحەتەکانی حەزرەتی ئیبراهیم".
٢- ماری سەرگورشتەی گەلگامێشی ولاتی سۆمەر
٣- ماری ولاتی یەزیدیان

یەکەم) ماری بەهەشتی ئاینی جولەکە، کریستیانی و ئیسلامەکان
ئەم سێ ئاینە:
پێیان دەوترێت، ئاینی حەزرەتی "ئیبراهیمی" ، رێگری لە مرۆڤ گرد، بە نەمری نەمێنێتەوە و لەبەهەشت دەرکرین.

**************************************************.

ئاینی(جولەکە، کریستیانی و ئیسلام)، یان ئاینی ئیبراهیمی، خۆیان بە کیتابی دەزانن ( چونکە کاتێک هاتن هەزار ساڵ فرەتر بوو سۆمەر نوسینی داهێنا بوو)، (بەگوێرەی بەدواچونەکانم، ئەم سێ ئاینە پاشکۆی ئاینی یەزیدێکانن کە پیان دەوترێت ئاینی مۆنۆتێیزم، "خوای تاقانەی ئیبراهمی ا".کە بەگوێرەی نووسیراوەکان نۆسەدساڵ پێش زاینی، لەسەر پارشومەکان( پارشومە، واتە نوسین لەسەر قوری ئاجلی ئیستیوانی پێنج سانتیمەتری). لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەمی زاینیدا دەست بەدۆزینەوەیان کراون. وەلێ بە تەواوەتی بیست وپێنج ساڵێکە دۆزراونەتەوە وبەنووسینی ئەمرۆ جارێکیتر نوسراونەتەوە.

مۆنۆتێیزم، بیری "تاکە خوایی یان خوای تاق وتەنیا" یان بە گفتی سیاسی دەوڵەتی (خەلیفەی تاق و تەنیا و بنەماڵەیی).
بەگوێرەی نوسراوەکانی پاش کەشتیکەی نوح تا ئەمرۆ دەستمان کەوتوون. حەزرەتی ئەبراهیم سەرقافڵەی مۆنۆتێزم و دەوڵەتی رەها بووە. (هاوکات من ئەم تێزە بەدرۆی جوولەکەکان دادەنێم)، درۆکردنی سێ ئاینە کیتابییەکان بۆ نوسراوێکی تایبەتی وازلێدێنین. ببورن.
نوسروەکانی ولاتی سۆمەر باس لە خودای خێر وشەر لەجەستەیەکدا ئەکەن، هەرچەندە لە میتالۆجیای گەلگامێشدا هاوەڵ و خۆشەویستی یەکدی بوون.، واتە دوو یەزدان لە یەک جەستەدا. هەروەها ولاتی بابل خوای تاکیبان پەرستوە، خواکەیان رۆژ بووە.
سێ ئاینەکەی سەرەوە ناوم هێناون نوسراویان لەپاش بەجێماوە. بەسەدەها ئاینیتر بوونیان هەبووە وهەموویان ئیبراهیمی یان غەیرە ئیبرانیمی بوون وکیتابیان هەبووە. بەڵام فەوتاون یان راستر فەوتانێنراون بۆیە ئەمرۆ ئەم سێ ئاینەیان بە کیتابی لەقەڵەم ئەدرێن.
بیرمان نەچێت داگیرکەران یەکەم هەنگاویان کتێبخانە و مێژوو وێران دەکەن.

---------------------------------------------------------------

لە کیتابی وەسێتەکانی پێشودا، یان پەیمانی یەکەمدا هاتووە،
مارێک سەرپێچی لە فەرموودەکانی خوداوەند کردووە، دادە حەوای فریوداوە لە میوەی داری زانیاری بخوات. بە مەرجێک خوداوەند لە ناو میوەی بەهەشتا تەنیا میوەی دارێکی لێ قەدەغەکرد بوون. بەگوێرەی نوسراوی وسێتە سەرەتاییەکانی ئبراهیمی ناوی:
داری زانیاریی باشەو خراپە بووە،
. **L'[arbre](#) de la connaissance du bien et du mal**

مارەکەی بەهەشت، تا ئەمرۆ چ کەس نازانێت، بۆ سەرپێچی لە ئەمری پەروەدگارکردوە، تەنیا دەزانین دادە حەوای بۆ ئەم مەبەستە هەڵفریواندوە، ( چونکە بەگوێرەی سێ ئاینە ئیبراهیمێکان ئاسانترە ژن فریوودان: ژن ناقس ألأعقول ودینن) لە میووەی دارە زانیارییە تاقانەکەی ناوەراستی باخی بەهەشتی دەرخوواردداوە.

خوداوەند رێی نەدابوو بەتایبەتی ئاغا ئادەم لە میوەی دارەکە بخوات. ئەگەر دادە حەوای بە گوێی ماری شەیتانی نەکردایە، ئاغا ئادەم هەرگیز لە میوەکەی نەدەخوارد.
یەزدان لێی قەدەغەکردبوون، چونکە چ کەسێک لە میوەی داری زانیاری بخواردایە لە نهێنی باشە و خراپەی کەون وەک ئاغا خوا تێدەگەیشت. وەلێ ماری شەیتانی بە هۆی گەمژەی دادە حەواوە، ئاغا ئادەم ی لە خشتە دەبرێت لە میوەی داری زانیاری چاکە و خراپەی بەهەشت دەخوات.
خوای گەورە بەمەرجێک خواردنی ئەو میوەی دارەی لێ قەدەغەکردبوون.

لەگەڵ ئەوەی میوەی داری زانیاری، بەتایبەتی لە کەسی نێر یان لە ئادەم قەدەغەکرابوو. مار سەرپێچی لەئەمری خوداوەند کرد، چووە بن کەڵکەڵەی مێشکی دادە حەواوە تا مێردەکەی بەمەکری ژنانە و نازەوە لە میوەی داری زانیاری بەهەشت بخوات. ژنە بەگوێی ماری شەیتانی کرد، ئاغا ئادەمی مێردی قوربەسەری خۆی هەڵخەڵەتاند .

ماری شەیتانی بێهۆش چ قازانج و دەسکەوتێکی نە بوو، جگە لەوەی رق وقینی خوداوەندی لە خودی خۆی و دادە حەوا وبەتایبەتی لە ئاغا ئادەمی هەڵساند. خواند جەزایدان بەوەی :

تا مار لەدنیادا مابێت؛
دەبێت لە نێو تەپوتۆز و خۆڵدا بژی و خواردنی لە مێش و مەگەز ومشک و جرج فرەتر نەبێت .

دادە حەوا وئاغا ئادەمی بەپەلە لەبەهەشت دەرکردن .

دوو) ماری سەر گورشتەی گەلگامێشی وڵاتی سۆمەر وەک ئەوەکەی سێ ئاینە کیتابێکە نەبوو .

*******************************************.

گەلگامێش پاش ئەوەی  هاورێ خۆشەویستەکەی ئێنکیدۆ کۆچی دوایکرد. حەوت شە و حەو رۆژ قووری پێوا، سەری خۆی بۆ هاورێ خۆشەویستەکەیی بەدار ودیواردا ئەدا. هەموو خەڵکی وڵاتی سۆمەر بەزەیان بە گەلگامێشدا دەهاتەوە، داوایان لێدەکرد کەمێک هێور بێتەوە .خودی ئەنکیدۆ یەزدانی هێمنی وبیرکردنەوە بوو. گالگامێش بەپێچەوانەوە یەزدانی شەر وئاژاوە وهێزبوو.
هەردوکیان پێشووتر لەشەرێکی قورسی چەند رۆژەی نێوانیاندا کەسیان نەیان توانی بوو کۆڵ بەویتریان بدات، لە ئاکامدا ببوون بە هەورێی خۆشەویستی یەکتر. ببوون بە یەک کەس لە دووجەستەدا. یەزدانی شەر وخێر لەجەستەیەکدا.

گەلگامێش پاش حەوت شەو- حەوت رۆژ نە نووستن و قورپێوان، زۆر هیلاکبوو بریاریدا سەری خۆی هەڵگرێت. واز لە خداوەندی و پاشایەتی بهێنێت( ئەوسەردەمانە پاشا لەهەمان کاتدا یەزدان بوون، هێشتا تەقسیمی کار وەک ئەو رۆ نەبوو. شەیتان و خودا یەک بەدەنی بوون). بەدوای نەمریی و بەهەشت و ژیانی رەهادا بگەرێت، تا مرۆڤ وەک خودی خۆی خەفەتی مردن نەچێژێت.
رووی لە هەرد وکێو کرد. زۆر رۆشت زۆر خۆی هیلاککرد. دەگێرنەوە ٣ مانگی تەواو بەرو رۆژئاوا کێوی بەردەم کۆتای زەوی رۆشتووە. ئەو کێوەی ئێواران رۆژی تێدا ون بووە. هەروەها بەیانی لە رۆژ هەلاتەوە بۆ روناککردنەوەی زەوی ئامادە بۆتەوە. بە مەزەنەی ئەقڵیان کێووەکە کوونێکی فرە مەزنی تێد بووە، ئێواران رۆژ بووە بەتیشک و بەوکونەدا کشاوە.
لە نوسراوەکانی سەرگورشتەی وڵاتی سۆمەردا نوسراوە، دوو کەس؛ ژن و پیاوێک لەو کونە بەودیودا ژیاون، بە ناوی ( ئۆتاناپشتیم). کاتێک لافاوە مەزنەکە هەموو ژیانی سەر ئەرزی لەناو برد بوو، ژن و پیاوەکە، بەلەمێکی گەورەیان درووستکرد بوو، خۆیان لە لافاوەکە رزگارکردبوو. پاش رزگار بوونیان ببوون بە نەمر و ئەزەلی. هەروەها نهێنی گەیشتن بە ژیانی ئەبەدی و زانیاری باشەو خراپەیان لە تاقیکردنەوەی ژیاندا فێربوون.

گەلگامێس ئاواتی بوو، بگاتە کن ( ئۆتاناپشتیم)، داوایان لێبکات چۆن ئامانجی نەمری بەدەست بهێنێت؟. لە پاش مردنی هاورێ خۆشەویستەکەی (ئیکیندۆ)، باوەری بەژیانێک نەمابوو مردنی تێدابێت. ئەیویست ژیانی مرۆڤ نەمری بێت .
گەلگامێش تاگەیشتە دامەنی چیاکانی رۆژئاوا، فرە کۆسپی هاتە رێگا، لە هەژدیها ودێو درنجێکی زۆری بۆهاتن وشەری لەگەڵکردن وکوشتنی، هەموو کۆسپەکانی بە درووستی لەبەردەمیدا نەهێشت. تا دواجار گەیشتە بەردەم ئەشکەوتەکەی ئێواران رۆژ وەک تیشک تێدا تێپەر ئەبوو.
هەژدەها پاسەوانەکانی ئەشکەوتەکە رێنمای زۆریان کرد، نەچێتە ئەشکەوتەکەوە
بە پێچەوانەی ئاینی ئیبراهیم و سێ ئاینەکەوە، بۆ ئەم مەبەستە بۆ گەیشتن بە ژیانی ئەبەدی و نەمری و بەهەشتی. مرۆڤ

تێدەکۆشێت. بەڵام لە ئاینی مەسیح وجولەکە و ئیسلامدا، مرۆڤ بە هۆی کەم هۆشی ئافرەتەوە، ئادەم و حەوا وهەموو زیندەوەر لە بەهەشت دەردەکرێن.. لە نوسراوەکانی خوا گەلگامێشدا مرۆڤ دەیەوێت بچێتە بەهەشتەوە لە بەهەشت دەرناکرێت، بگرە خەباتی بۆ دەکات، دەیەوێت بە پای خۆی بگاتە نەمری و بەهەشتی.
گەلگامێش پاش شەرو داواکاریەکی زۆر تووانی هەژدیهاکانی بەردەم دەروازی ئەشکەوتەکەی ( ئۆتاناپشتیم) تێدا دژیان، رێگەی بدەن بچێتە ژوورەوە.
کاتێک لە ژووره وه ( ئۆتاناپشتیم)ی مێردی بینی و داوای لێکرد، رەحمی پێبکات نهێنی بوون بە ئەزەلی ونەمری پێبلێت، هەروەها زانیاری چاکەو خراپەی فێربکات. ( ئۆتاناپشتیم)ی مێرد رازی نەبوو. هەرچەند گەلگامێش لێی پارەیەوە چ ئاکامێکی نەبوو، ٣ شەورۆژ بەدیارێوە گریا و پارایەوە رازی نە بوو.
( ئۆتاناپشتیم) رێنمای گەلگامێشی کرد، بەدوای نەمریدا نەگەرێ، چونکە تاقە نەمری چاکە و داهێنان لە پاش خۆت بەجێبهێڵە، ئەوە مایەی نەمری و بەهەشتییە. گەلگامێش وازی نە هێنا و هەر ئەکروزایەوە بۆ نهێنییەکانی ژیانی نەمری.

لە کۆتایدا هاوسەرەکەی ( ئۆتاناپشتیم)ی خانم، بەدزی هاوسەرەکەیەوە پێی گووت:
هەستە تازوە بچۆ لە بنی ئاوی "فورات"دا گیایەکی سەوز هەیە بیخۆیت ئەبێت بەنەمر و ئەزەلی.
ئەوە بوو گەلگامێش بە پەلە بۆ وڵاتی دجلە وفرات گەرایەوە. زۆر هیلاک ببوو، چەندەها شەورۆژ بوو بێ نان و بێ خەو بوو.

بە پەلە خۆی راشکاندە بنی ئاوی فراتەوە. گیاکەی لەبنی فراتدا دۆزیووە. بە مەلە هەڵکشایەوە سەرێ. خۆیدا بەزەویدا(گێرانەوەی باسی "ئاوی ژیان Eau-de-vie "، گەلگامێش بەدوایدا گەراوە زۆرن). شوشە ئاو-ژیانە کە لە تەنیشت خودی خۆیدا دادەنێت، وەلێ لەبێ شانسیدا هیلاکی خەوی لێدەخات.
قەیرێکی زۆر دەنوێت، کاتێک خەبەری دەبێتەوە، دەبینێت مارێکی بزێو خەریەکە ئاوی-ژیانی ناو شووشکە دەخواتەوە.
هەوڵ ئەدا بەر پێچی لێبکات، فریا ناکەوێت، مار ئاوەکەی خواردۆتەوە و تێی دەتەقێنێت.
لە چیرۆکی گەلگامێشدا، مار رۆڵی رێگری لە ژیانی نەمری مرۆڤدا دەگرێت، وەک لە ئاینی ئیسلامدا نییە مار خانمە حەوا هەڵفریوێنێت. خانمان هۆی ئەساسی هەمووگیانداران بە خودی دادە حەوا خۆیەوەلە ژیانی ئەبەدی و بەهەشت دەرکرێن.

---

## سێهەم) ماری سێهەم لە ئاینی یەزیدێکاندا.

*******************************

کاتێک حەزرەتی نوح کەشتییەکی بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی و ژیان لە "تۆفانە مێژووییەکە" دروستکرد. لە هەموو زیندەوەرێک تا رەچەڵەکیان نەفەوتێن جووتێکی مێینە و نێرینەی لە نێو کەشتێکی هاوشتن.
یەزدان گوایە بەم رووداوە، (لافاوی مەزن)مرۆڤایەتی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مەزندا دانا.
لافاو هەستا ودنیای ژێربەژێرکرد، پێغەمبەرە نوح لە هەر رەچەڵەیەک لە زیندەوەران وگیان لەبەران جوتێکی نێو کەشتێکەی خستن.
کەشتی سەر ئاوکەوت. لەنێو دەشت و کێوەکانی ئاراراتدا ملی رێگەی سەر ئاوی لافاوی گرت. لەناوکێوەکاندا زۆری لەنجەو لار وهەڵبەز ودابەزکرد. تا کەشتێکە لە بنەوە کوون بوو.
لێرەدا بە پێچەوانەی ماری سێ ئاینە کیتابێکانەوە، مار رۆڵی فریاد رەسی مرۆڤایەتی دەبینێت. ناچێتە بەرگی شەیتانەوە. بگرە خۆی بۆ گیان لەبەران ومرۆڤ بەخت ئەکات. دەچێتە کونەکەی لە کەشتێکە بووە، تا ژێر ئاو نەکەوێت هەموو گیان لەبەران لەمردن رزگار دەکات. ژیانی خۆی فیدای ژیانی گیان لەبەرانی نێو کەشتێکە دەکات.
لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئاینی خودای تاقانە لە کن کوردان فرە دێرینە، ئەو کات هێشتا شەیتان رەجم نەکراوە و بەشە شەریکی خوداو حووکومەتی ئیمپراتۆری کوردان بووە.
ئەمەبوو سەرگورشتەی مار، مرۆڤ، یەزدان وشەیتان.
ئەمە بوو شەیتانی مرۆڤ دۆست لەکن کوردان.

.----------------------------------------------

PARIS ٢٠١٥
KHOSHNAW MERIWANY